لێمگەڕێن با قسان بکەم

# ستایڵەکانی ناپاکیی هاوسەریی و چەمکی یاسا



یوسف عوسمان حەمەد
پسپۆری دەروونزانی

زۆر یاسا کۆن و نوێ بەپێی بارودۆخ و کات و شوێنی کۆمەڵگا دەرچووە بۆ ناپاکی هاوسەری، بەڵام تەنها ئەم یاسایە کار لەسەر بەرکەوتنی جەستەی دەکات، یاخود بە شێوازێکی تر کار لەسەر ستایلە فیزیاویەکانی سێکسی لە دەرەوەی سنووری هاوسەرگیری دەکات، و بە پێی پێویست و جۆری کارەکە سزا خراوەتە گەڕ. رەنگە هەندێک لەو یاسانە تەنها دروستکردنی باج بێت لەسەر رەگەزی مێینە کە دەیخاتە بازنەی تاوانکاری یاخود گەورەترین باج کە لەم کارە دەیدات و زەرەرمەند دەبێت رەگەزی مێینە بێت. دوای سەلماندنی کارەکە لەلایەن هاوسەر یاخود کەسانی دیکە، بەڵام لە رووی سایکۆلۆژییەوە یان بڵێین لە روانگەی سایکۆلۆژی تاوانەوە، لێکدانەوەیەکی دیکەی هەیە بۆ ناپاکی هاوسەری خوێندنەوەی ئەم تیۆرە بۆ میتۆدی ناپاکی خوێندنەوەیەکی راستگۆیانەیە، کاتێک دێتە سەر چەمکی خێزان یا گرێبەستی هاوسەرگیری کۆمەڵێک رەهەند لە نێوان نێر و مێ دروست دەبێت کە هەردووکیان پابەند دەبن بەو رەهەندانە کە ئەوان گرێبەستیان لەسەر کردووە یەکەمیان کە زۆر کەمتر لەکاتی هاوژینی هاوسەریەتی دا دەردەکەوێت ئەویش راستگۆییە. چونکە شاردنەوەی شت لە یەکتری و درۆ کردن لە یەکتر گەورەترین ناپاکی دروست دەکات لە نێوانیان کە پاڵنەرێکی سەرەکییە بۆ دەستپێکردنی ناپاکی هاوسەریەتیدا، یاخود بوونی عەشیقە وخۆشەویستی کردن لە دەرەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری و، قسە کردن بە مۆبایل و مجامەلەکردنی کچێک یاخود پیاوێک لە فەرمانگە یان لە شوێنێکی دیکە دا ئەمە گەورەترین ناپاکییە کە لە بەرامبەر یەکتریدا دەکرێت، بۆ نموونە لە یەکێک لە کەناڵەکانی راگەیاندندا لە وڵاتێکی ئەوروپاییدا ژنێک لە دادگا سکاڵای لە دژی مێردەکەی کرد بوو کە داوای نەک جیابوونەوە بەڵکو قەرەبووشی کردبوو لەسەر ئەوەی کە پیاوەکەی درۆی لە گەڵدا دەکات، ئەویش حەز ناکات لەگەڵ پیاوێکی درۆزن بژیت. یاخود یەکێکی تر لە بەردەم دادوەر دەگریا کە هاوسەرەکەی ناپاکە بەوەی لە رۆژی ساڵی نوێدا پیاوەکەی دیاری بۆ ژنێکی فەرمانگەکەی کڕیبوو، بۆ ئەوی نەکڕیبوو، بۆیە داوای جیابوونەوە دەکەم چونکە دەرکەوت کەسێکی تر لە دڵی ئەودا هەیە، ژنەکە بە دادوەرەکەی وت گەورەم خۆشتان دەزانن کە دڵی پیاو جێگای دوو ژنی تێدا نابێتەوە، دەبێت یەکێکیان فڕێ بدات بۆ ئەوەی جێگای ئەوەی دیکە بکات، ئەمە ناپاکییە حەز ناکەم لەگەڵ پیاوی ئاوەهادا بژیم کە منی فرێداوە. ئەمانە پاڵنەری سەرەکین بۆ گەیشتن بە ناپاکی جەستەی واتە سەرەتا ناپاکی دەروونی دەبێت. بەڵام هەردوولا رەگەزی نێر و مێ هاوبەشن لە ناپاکی هاوسەریدا چونکە کاتێک ئافرەتەکە دەزانێ پیاوی بەرامبەر گرێبەستی یاسایی لەگەڵ کەسێکی دیکەی هەیە چۆن بیر لەوە دەکاتەوە قسەی ئەڤینداری لەگەڵدا بکات. بۆیە یاسای پاراستنی خێزان دەبێت ئەوە لە بەرچاو بگرێت لە ناپاکی هاوسەری ستایلی جیاوازی هەیە کە ئەم ستایلە جیاوازانە پیرۆزی خێزان دەشێوێنێت و گرێبەستەکە هەڵدەوەشێنێتەو. بەڵام کاتێک باسی فاکتەری دروستبوونی پاڵنەری ناپاکی هاوسەری دەکرێت ئەمە رەهەندی تری هەیە وەکو رەهەندی ناپاکی نابەدڵی هاوسەرگیری، ئابووری، کۆمەڵایەتی، دەروونی دەخالەتکردنی کەسانی دیکە، ئاڵۆزبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، نادادوەری کۆمەڵایەتی و نایەکسانی لە پەروەردەی رەگەزی نێر و مێ سێکسی کردن و کۆمەڵێک رەهەندی دیکە. بەڵام هەرەسان کردن و سوکایەتی پێکردنی هاوسەرگیری لە هەردوولاوە دەبێت یاسا رۆڵێکی سەرەکی ببینێت لە گێڕانەوەی متمانە و پیرۆزی هاوسەرگیری.